وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانستەکانی ئۆکرانیا

زانکۆیی دانیێتسکی نیشتمانی

بەشی زانستە رامیاریەکان

کارنامەیی ماستەر لە سەر

«ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی لە پرۆسەی بنیاتدانی نەتەوەیەکی سیاسی لە عێراقدا »

جێبەجێکراوە لە لایەن : خوێندکاری ماستەر (ۆ.ک.ڕ)

لەبواری زانستە ڕامیاریەکان 8.03010401

ئاسۆ ئاراز قادر

سەرپەرشتیار : پرۆفیسۆر لە زانستە رامیاریەکاندا : پریموش میکۆلایی ڤاسیل ڤیچ

دانیێتسک-2014

**پوختەیەك لە سەر كارنامەیی ماستەر : ناسنامەیی نەتەوەیی كوردی لە پرۆسەی بنیاتدانی نەتەوەیەكی سیاسی لە عێراقدا**

**نوسسەر : ئاسۆ ئاراز قادر**

**كارنامەیی ماستەرەكەم روونكردنەوەیە دەربارەیی ناسنامەیی نەتەوەیی كوردی لە پرۆسەی بنیاتدانی نەتەوەیەكی سیاسی لە عێراقدا وە بۆ زیاتر شیكردنەوە یی كاریگەری پرسی كوردی لە بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی لە عێراقدا . لە لێكۆلینەوەكەدا نوسەر چەند مێتۆدێك و مێتۆدۆلۆژیەك دەخاتە پێش چاویی خوێنەران لەوانە مێتۆدۆلۆژیایی پەیرەویی سیستەمەكان ,ستروكتوریی فونكتسیۆنالیزم ,شرۆڤەكردنی سینیرگێتی و وە كۆنڤیێرتەیشنی كە پیتالٚ . مێتۆدەكانیش كە بۆ لێكۆلینەوەكان بە كارهاتوون بریتین لە مێتۆدی مێژوویەكان كۆمەلٚكایەكان , ستا تیستیك و وە مێتۆدی ژیانی سیایكلٚی .**

**بەشێوەیكی جیا گەشەكردنی لایەنەكانیی ناسنامەیی نەتەوەیی كوردی لێدەكۆلٚرێتەوە كە رۆلێكی گرنگ دەبینێت لە سەر پرۆسەیی سیاسی لە ناوچەكەدا . نووسەر پێش نیاردەكات كەوا كیانی نەتەوەیی كوردی لەم چەند پێكهاتەیك پێك دێن پێویستە سەیربكرێت وەكو : مێژوویی , كوولتوری ,ژێۆپۆلیتیكی , هزری سیاسی , ئابووری , پەروەردەیی و وە زمانەوانی ھ.ت.د ئەم پێكهاتانە چەند كەمو كورپەكی تێدایە كە پێویستیان بە ریفۆرم هەیە لە تەنیشت نەوەیی تازەیی كوردی وە لەسەر بنەمایی كۆمەلٚگەیەكی دیموكراسی . وە ئەمانەش ش رێگەمان پێدەدات سەرەنجامێك بكەین كە ناسنامەیی نەتەوەیی كوردی خۆیی بنیات داوە لە نەبوونی دەولٚەتی سەربەخۆ , بەلاٚم هەرێمی كوردیستان لە م رۆوەدا دەست پێشخەریەكی بەر چاویی بەخۆیەوە دیوە لە گەشەكردنی ئابووری دا لە عێراق وە ئەمەش هۆكارێكە بۆ یەك ریز بوونەوەی نەتەوەیی كوردی**

**ئەوشانەیی كە بەكارهاتوە : نەتەوە , كیانی نەتەوەیی نەتەوەیی سیاسی , گۆمەلٚگەیی دیموكراسی , كیانی سیاس**

وەزارەتی خوێندنی بالاو زانستەکانی ئۆکرانیا

زانکۆیی دانێتسکی نیشتمانی

بەشی زانستە رامیاریەکان

ئاسۆ ئاراز قادر

# «ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی لە پرۆسەی بنیاتدانی نەتەوەیەکی سیاسی لە عێراقدا »

کارنامەیی ماستەر لە سەر

دانێتسک – 2014

# پلان

## پێشەکی

## بەشی یەکەم 1

تویژروو میتۆدۆلۆژیایو ڕوەکانی تێگەیشتن بۆ لێکۆلینەوە ناسنامەیی نەتەوەیی لە زانستی سیاسیدا

1-1 تێگەیشتن و بنەماکان و ئیشەکانی ناسنامەیی نەتەوەیی لە سیاسەت دا

2-1 ڕوەکنی میتۆدۆلۆژیای لێکۆلینەوەیی ناسنامەیی سیاسیی

## بەشی دووەم 2

فاکتەرەکانی بنیاتدانی ناسنامەیی نەتەوەیی سیاسی کورد لە عێراقدا

1-2 تایبەت مەندیەکانی پێکهاتنی ناسنامەیی سیاسی کوردی لە مێژووی سیاسی عێراقدا

2-2 کاریگەری پرسەیی کوردی لەسەر بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی لە عێراق دا

## بەشی سێەم 3

ئاراستەکردن کێشەکانی ناسنامەیی نەتەوەی کوردی

1-3 ناسنامەیی نەتەوەی کوردی وە کاریگەری لەسەر پرۆسەیی سیاسیی لە ناوچەکەدا

2-3 پرۆسەی سیاسی جیهانی وە کاریگەری لەسەر گۆرینی سیاسەتی نەتەوایەتی کوردی

## پێشەکی

**سەرباس و ئاڕاستەیی کێشەکان :** سەرەتایی سەدەیی هەژدەهەم ئەتوانین ناویی بنێنن سەدەیی هەڵ هاتنی کیان و ناسنامەیی نەتەوایەتی وەکو چارەنوس سازانە , وە هەستی خاوەنداریێتی سەر بە ولأتێك و نەتەوەیەك وە گۆرانکاری لە نەخشەیی ژێۆ پۆلیتیکی جیهانی دا دە بێتە هۆیی پەیدابوونی چەند ولأتێکی تازە لە ئەوروپاو رۆژهەلأتی ناوەڕاست کە بوەتە هۆیی گۆرین لە پێوانەی ناسنامەدا , بێجگە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەو تەقاندنەوەیی تەکنەلۆژیا وە فاکتەرەکانی ناسیۆنال بۆتە هۆکارێکی گرنگترین بۆ بنیاتنانی ناسنامە و وە نەتەوەیی سیاسی لە ولاتدا , بەم شێوەیەش ناسنامەی نەتەوایەتی تەنها شێوازێکی کۆنو تاییە تمەندی نیە , بەڵکو رێگەیەکە بۆ لکاندی گەڵ بە کۆمەڵگەیەکی نووێوە مۆدێلی ئیتنیکیو کیانی سیاسی خراوەتە کار لە لایەن ( ئینتۆنی سمیت ) کە چەند لایەنێکی لە خۆ گرتوە : ڕەچەڵەك ,بنجوبناوانی نەتەوەیی ,کولتوری نەتەوایەتی , زمان ,نەریت وە هەروەها کایکردوە لەسەر مۆدێلی هاونیشتیمانیەتیو ناسنامەیی نەتەوایەتی وە کارەکانی سمیت ڕەوشتێکی سیستەمی قورسی بەخۆیەوە دیوە کە لەم پێکهاتانە خوترەوە خۆیی دەگرێت : مێژووی گشتی ناوچەیی , یاسا و سیاسەتی ئینستیتوتی یەکسانی لەنێوان خەڵقدا , کولتووری کۆمەڵگاو کیانەکانی

[144.ﻻ,.77]

پێکهێنانی ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی لە عێراق دا دوو تاییە تمەندی خۆیی هەیە لە سەرێکەوە گەراندن بە دوایی ڕەگی نەتەوەیی وە لە لایەکی تریشەوە کیان بۆ پێکهێنانی نەتەوەیی سیاسی لە عێراق دا . وە پتر لەوەی , کە کیانی نەتەوەی کوردی سەر بە چەند کێشەیەکی سیاسی و ناوچەگەریە کە کاریگەری کردۆتە سە پرۆسەیی سیاسی لە عێراق و ولاتە دراوسێکانی , وە کاریی گەری پرۆسەیی گلۆبالی لە سەرناوچەکە لە کۆتایی بیست

**ساڵەدا ,لە کاتێکدا کە کوردی عێراق توانیان سەرکەوتنێك بەدەست بهێن بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان وە ئەم ماوە سەرکەوتوە کە لە مێژووی کیانی نەتەوەیی کوردی ڕویداوە بە یارمەتیەکی بێوێنەی وڵاتە بیانیەکانەوە کانەوە وە بە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزدا تێپەربوە هەر لە سەرەتای وورووژاندنی سنورەکانی عێراق و تورکیا ,وە ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق و سوریادا , وە ئاکتیڤ بوونی دەیان گرووپی ئیسلامی ڕادیکاڵیو وە تیرۆریستەکان لە عێراقدا وە بەتاییەتی لە ناوچەکان بە گشتی .**

**ئینجا ,لێکۆڵینەوە ی ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی لە پرۆسەی بنیاتدانی نەتەوەی سیاسی لەعێراقدا چەند تێۆریکو-مێتۆدۆلۆژیەکی لە خۆگرتووە . وە ئەو پرۆسە ئاڵۆزەی ناسینەوەی نەتەوەیی کە لە زۆر رپێوەری جیاوازی ئاکتیڤ وەکو سیاسەت , کۆمەڵایەتی , کە پیتاڵی کولتووری , کە پیتاڵی سیمبۆلیکی پێکهاتوە .**

**تاییەت مەندیو وردەکاری : لە نزیکەی ساڵەکانە** 1970 **تێۆری ( ناسنامە ) چۆتەناو فەرهەنگەکانی سیاسیە جیهانەکانەوە . تێرواندنی ناسنامە وەکو دیاردەیەکی کوللتووری کۆمەڵایەتی بۆیەکەجار سەریی هەڵدا لە شەستەکاندا سەدەی بیستەم وەك پارچەیەك لەسۆتسیۆلۆژیاو دەرون ناسی ,کۆمەڵناسو دەرون ناسی ئەمریکی ئێریك ئێریکسۆن , کە لە پرۆگرامی کارەکەیی دا (ناسنامەی گەنج وە قەیرانەکان )** 1969 **گرنگترین تێگەشتنو تییۆرەکانی ناسنامە وای لێکروە کەزۆر نزیك بێت لە ناوەڕۆکەکانی کۆمەڵایەتیو دەرون ناسی , بیروبۆچونەکانی ئێریکسۆن زیاتر لە ناوەڕۆکی ناسنامەیی کۆمەڵایەتیدا بوە وە بۆتە هۆی گەشەکردنی زۆر لە تیۆرە نوێکانی ناسنامە, وە شیکرنەوەیانیش بۆتە یارمەتیدەرێك بۆ لێکۆلینەوەکانی م .ڤ. زەکەڤۆرۆت**

**لە دەرون ناسی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دا گرنترین کێشە کە پێشێ تی هەی کێشەی ناسنامەی کۆمەڵایەتیە , ئەولێکۆلەرانەی کە تێروانیان لە چوارچێوەیی کولتووری کۆمەڵایەتیدا کردوە ئەمانەن (ز.ڤ.سیکێڤیچ , ژان پیاژ , ت.گ.ستیفانێنکە , ڤ.یو.هۆتینێچ .... هتد**

**توێری ناسنامەی نەتەوەیی لە زانستی نوێدا گەشەی پێدەکرێت لە چوارچێوەیی چەند نزیك بوونەوەیەك : پریمۆردیالیزم ,کۆنستروکتیڤیزم ,ئینسترومێنتالیزم**

**لایەنگرانی شێوازی یەکەم کە پریمۆندیالیزمە واتە ( سەدەی کۆن ) ڕەفتاریان لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیدا وەکو گرو پێکی جیاواز لە گرو پەکانی کولتوورو دەولەت و کۆمەڵگەدا ئەو ڕووداوانەی کە مێژوو کە ڕووی داوە کە بەندە لە سەر تایبە تمەندیەکانی ئەو ناوچانەی کە لێی ژیاون ( زمان , ئاین , .... هتد ) لە سنووری ئەم مێتۆدۆلۆژیەدا ناسنامەی نەتەوەیی وەکو لەیەك نەچوونێکی نە گۆڕاو پێناسە دەکرێت کە وایی لە مرۆڤ کردوە بەشێوەیەکی جیاوازی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەربخات .**

**ئەم تێڕوانانە تایبەتن بە هەند ێك لە زانا ڕۆژئاوایەکان وەکو ( د.م.ئینگر , ز. باومین , کەزلۆڤ ...هتد ) ئەم توێرناسانە ئەم توێرەیان بەکاردەهێنن لە لێکۆلینەوەی کلاسیکیە ڕووسیەکان وە کو قوتا بخانەی برۆملێی کە چاودێری گەشەکردنی هزری ناسیونالیزم و قۆناغەکانی پێکهێنانی نەتەوە , وە لۆژیکی لەدایکبوونی نەتەوایەتی هەندێك لە کەموکوڕیەکانی پریی مۆردیالیزم ڕەخنەکانێتی کەبەم شێوەیی خوارەوەن تێدەڕوانێت یەکەمیان, لە سادەگرتنی ئەو فاکتەرانەی کە کەڵکەبوون لەسەر کۆمەڵگەی ئێتنۆ ناسیۆنال, دووەم , نەبوونی ڕەخنەیەکی جێگیر کە نەتەوەو ئێتنۆس لێکجیابکاتەوە .**

**بەلاّم لە چوارچێوەیی کۆنستروکتیڤیزم ( ب.ئەندیرسۆن ) سەیری ناسنامەی نەتەوەی ئەکەن وەکو هێزێکی بیروهۆشی مرۆڤایەتی وە لەهەمان کاتیشدا وەکو دیسکورسێك سروشتی .**

**بەشێوەیەکی گشتی تێۆرەکانی کەنستروکتیڤیزم پشت بە ئینسترو مێنتالیزم دەبەستێت هەندێ لە زاناکانی ئەم پەیڕەوە ( ئ.کۆین , م .فیشەر , د.خۆرۆڤێتش ) ئەمان ناسنامەی نەتەوەیی ئەبینن وەکو ئالیەتێکی گروو پە ڕێکخەرە سیاسیەکانی کۆمەڵگایەتی بۆ جێبەجێکردنی ئاما نجەکانیان .**

**ئینتۆنی سمیت یەکێکە لەو زانایانەیی کە پەیڕەویی تێۆری کەنستروکتیڤیزمی ( مۆدێرنیزم ) گرتۆتەبەر لە تێگە یشتنەکانی تری وەکو پریمۆندیالیزم , نیۆپرینیالیزم وە پۆست مۆدێرنیزم , وە یەکێك لە فراوانترین ڕەخنە کەلە تێگەیشتنی ئێتنۆ – سیمڤۆلیزم سمیتە کە لە سەر ڕێبازی کۆنستروکتیڤیزمدا , گرنگترین**

**ئەو بەشانی کە ئێتنۆ سیمڤۆلیزمی لەخۆگرتوە ئەمانەن : عونسورەکانی ئێتنۆ سیمڤۆلیزم , سەرچاوەیی ئێتنۆس و نەتەوە وە مێژووی کوولتورەکانی , کاریگەری نوخبە و کوتلەکان لە بنیات نانی نەتەوە , ڕابوردووی بۆ پێکەوە نانی نەتەوەیی. سمیت تیشك ئەخاتەسەر هەندێك زاراوەیی وەك ( ئەفسانەو سیمڤۆلیك ) کە ئاماژە بە کوولتور دەکات کە کاریگەرێگ گەورەیی ئەبێت لەسەر بنیات دانی نەتەوە . وە هەروەها سمیت گرینگی بە کاریی گەری ململانی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی داوە . وە هەروەها لە بەینی ململانێ ناوەکیەکانی ( لەبەینی ئێتنیکیەکاندا ) وە دەرەکیەکانیش ( نێوان گروپە نوخبەکان کانو , نوخبەو دەستەکان ) وە دەرکەوتنی ئێتنۆ سیمڤۆلیزم سەرنجێکی گەورەی لەسەر بوو بە بەراورد لەگەڵ کۆنستروکتیڤیزم دا بەم شێوەیە لێکۆلینەوەکان زیاتر بەلای ( جیهانی ناوەوەدا ) وەهەڵوێستیان زیاتر بەلایی نەتەوایەتیەوەدەبێت , بە پێی سمیت کەلکو سودی ئێتنۆ سیمڤۆلیزم وە جیاوازی لەگەڵت یۆرەکانی تردا ئەوەیە کە ڕێگەکانی سمیت ئالیەتێك دادەمەزرێنێت بۆ توانینی بەراوردکردنی لێکۆلینەوە ئیمپیریکڵەکان ( تاقیکرنەوەیی سەرنج بەند ) وە ئەم چمکانەیی شیاوترینیانە بۆ لێکۆلینەوە کەم** .[80.لا78]

**من لە چەند گۆشەیەکی لێکۆلینەوەکەم دا سەیری کێشەیی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە عێراق دەکەم وە هەروەها تەماشایی چەند لێکۆلینەوەیەکو کتێبێك کە بەسەر کێشەی کورد دا نوسراوە وەکو ( ڤەدیم جەودی , ئەنتۆنی سمیت , ماهر عەزیز , گەسرەتیان , دینیس نەتالی , ژێگەلینا , لەزارێڤ , مۆساکی , سۆران حەمەڕەش , تەیمور مەمۆیان ,میهرەداد , ڕەفیق سابیر )**

**ئینتۆنی سمیت: تێرمانێك بۆ شۆرشەکانی نەتەوەی کوردی کردوەو کە ئاماژەشی بەوە کردوە کە سەرهەڵدانی جمەجۆڵەکان لە کۆتایی سەدەیی هەژدەهەمەوە دەستی پێکردوە , بۆنموونە یەکەمین بلآوکراوەو ئەدەبیاتو کولتووری کوردی لە سەردەمی ( تورکە گە نجەکاندا ) 1908 , وە گۆڤاری کوردیش لە پێش شۆڕشەکانی دژ عوسمانیەکانەوە دامەزراوە لە 1898 یەکەمین دەزگایی کولتوری کوردی کە بە ناوی ( چاکبونەوە و پێشکەوتنی کوردستان ) پێك هێنرا لە ساڵی 1908 دوایی جەنگی جیهانی یەکەم زمانو نوسینی کوردی بەمۆدێرنیزم و**

**ستاندارترکراوەتەوە وە ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی گەشەکردنی سیاسەتی ڕزگاریی خوازانی ناسیۆنالیزمانە بەرامبەر تورکەکانو عەرەبەکانو ئێرانیەکان بەتەییەتی لە ساڵەکانی** 1960–1970 [77.لا 123]

**ڕەفیق سابیر : ئاماژەیی بەوەداوە کە فۆرمی ناتسیۆنالیزم لە کوردستاندا رەوشتێکی تاییە تمەندی کە بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی ناتسییۆ نالیزم بە رامبەر بە سیاسەتانی ( پان تورکیزم , پان ئیرانیزم , پان عەرەبیزم ) وە ئەم پەیرەوە یارمەتی دەدات بۆ پێکهێنانی ناسنامەیی نەتەوەیی و وە مافی نەتەوایەتی** [84,لا.29] . **وە لەلایەکی ترە ڕفیق رونی کردۆتەوە کە ئیسلامیەت کاریگەری کردۆتە سەر هۆشی کولتووری کوردی و کیانەکانی وە بە پێچەوانەیی ئەم پرۆسەیەشەوە کاریگەری خێزانە کوردەکان لەسەر سیاسەتی ئیسلامیەتی وە کو خێزانەکانی ئەیوبیەکانو کەریم خانی زەندە** [81 .لا.338]

**ماهیر عەزیز : تەماشایی ناسنامایەی نەتەوەیی کوردی دەکات لە ناوەڕۆکی ( مۆدیرنیزم , ئێتنۆسیمڤۆلزم وە کۆنستروکتیڤیزم ) لە ناوەڕۆکی مۆدێرنیزمدا جەخت لەسەر ناتسۆنالیزم دەکاتەوە وەکو پرۆسەیەك سیاسی وە هەروەها ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دابەش دەبێت لەنێوان دوو پۆلێندی کولتوریو ئاینی . ئەگەر هاتو ئێمە سەیری چینەکانی جوتیاران و هۆزە عەشیرەتەکانی لە کوردستانی عێراقدا جیاوازیەك دەبینین لە نوسینو لە قسەکردنی دیالێکتو وە بیرکردنەوەشدا کە زیاتر بۆمان ڕون دەبێتەوە کە جیاوازی لە ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان شاریو لادێیدا** . [60 .لا. 118]

**زیرەك عزیز : سەیری هەڕەمی ناسنامەی کۆمەڵگایی دەکات لە کۆمەڵگەلی پاتریارخەکاندا لە کوردستانی ئێراکدا کە ئەویش چەند خوو ڕەوشتێکی تێکی تاییەتی تێدایە یەکەمیان : دەسەلأت و هێز , خێزان : بریتیە سترەکچەرێکی تاییەتە , خێڵ :بریتیە لە سیستەمێکی کۆمەڵگایە وە زۆرینەیی دانیشتوانی کوردستانی عێراق سەر بە هۆزە عەشایەریەکانن وە هەروەها هۆزە عەشیایریەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە .**

**سەرۆکە سیاسیەکانیش کە دەسەلاتیان بەدەستەوەن سەر بە هۆزە عەشایریەکانن کە فۆرمێکی لۆبی پێکهێناوە بۆنموونە سەرۆکی پێشووی عێراق و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردوستان سەر بە عەشیرەتی تاڵەبانین وە ئەم**

**هۆزە کاریگەریەکی زۆر هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی وە بریاری سیاسی چ لە کوردستان چ لە عێراق , سەرۆك بەرزانی ئەمرو وە کاك مەسعود بەرزانیش کە سەر بەهۆزی بەرزانن سەرەتایی ئەمبنەماڵەیە بە شۆرشی رزگاری خوازانە و پرەو پێدان بە رێبازی بەرزانی وە پێکهێنانی جموجۆڵی ناتسۆنالیزم لە سەرتاسەری کوردوستاندا . کولتووری عەشایری فێری مرۆڤ دەکات کە قەت نەدۆرێت هەردەم سەرکەوتوبێت لە ژیاندا سەرۆکە سیاسیەکانیش لەسەر ئەم پرانسیپانە دروست بوون نموونەیەکی زۆر روونو ئاشکرا کە لە دوای شۆرشی رزگاری خوازانی باشوری کوردوستان دژ بە رژێمی بەعسی عەرەبی لە کاتی هەڵبژاردن لە باشوری کوردستاندا پارتی دیموکراتی کوردوستان توانیان ٪51 دەنگەکان بەدەست بهێنن , وە یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانیان ٪49 دەنگەکان بە دەست بهێنن بەلام لە ئە نجامدا پارتی دیموکراتی کوردوستان ٪1 دەنگەکانی یا بە حیزبی دۆراو بۆ ئەوەدی کێشە دروست نەبێت وە ئەمەش لە کۆمەڵگەیی عەشایەریی دا بە هەستێکی بەرز ناودەبرێت**

**دوەمیان : پارتە ئاینیەکا کەبەشداری لە کیانی سیاسی دا دەکەن وە خاوەنی چەند دەزگایەکی بلاوکردنەوەن کە بە کاری دەهێنن بۆ بلاو کردنەوەی ئاین . وە لە کۆمەڵگەدا پشت بە زانینی زانستی نابەستێت بە ڵکو پشت بە دۆگمای ئینی دەبەستێت . وە پرسی مافی مرۆڤ و رەوشی ژیانی کۆمەلایەتی وە دەربرینی ئازادی ه.ت.د. هەموو ئەم پرسیارانە بەر پێچ دانەوەیی سازدانی ئاینی**

**سێیەم : پیاو لە کوردستانی باشوردا سەنتەری ژیرو هۆشیاری وە سەرۆکی خێزانە وە پیاویش بریاردەری وە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە لە ناو خێزاندا** [84,٧,29]

**بەم شێوەیە ئەتوانین سەیری بکەین , کە پرۆسەیی بنیاتدانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی زۆر ئاکتیڤە لە لێکۆلینەوە زانستیەکاندا رامیاریەکان و ە لەلای کۆمەڵناسانیش کە پێویستی بە چەند بە چەند وردبوونەوەیەکی فەلسەفی کۆمەڵناسی هەیە**

**ئامانجی لێکۆلینەوەکان :** پێکدێت لە شیکردنەوەیی ناسنامەیی نەتەوەیی کوری وەکو پرۆسەیەك کە پاڵ نەرێکە بۆ پێکهێنانی نەتەوەیی سیاسی لە عێراقدا وە کاردەکەین لەسەر مۆدێلی سینێرگێتیك بۆ شیکردنەوەیی فاکتەرەکانی پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە عێراقدا ئەم مۆدێلە خاڵی لێکجیابوونەوەیی پۆیسو نارێکیمان بۆ رون دەکاتەوە لە ماوەیی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دا وە ئەم رێگانە چەند خاسیەتێکی سیکلی ئینستیتوتی بنیاتدانی نەتەوەیی کوردی سیاسی لە عێراقدا بۆمان دەردەخات .

**ئۆبجێکتی لێکۆلینەوەکە :** پرۆسەیی بنیاتدانی ناسنامەی نەتەوەی کوردی لە عێراق .

**سە بجێکتی لێکۆلینەوەکە :** بنیات دانی نەتەوەیی سیاسی لە عێراقدا .

**بۆ سەلماندنی ئامانجەکان و گریمانەکان نووسەر جەخت لە سەرچەند خالأنەیی خوارەوە دەکات: کە یارمەتی جێبەجێکردنی ئامانجی لێکۆلینەوەکان دەدات :**

ئەوتۆرانەیی کە بەندە لە سەر ئەو میتۆدۆلۆژیانەیی کە لێکۆلینەوەکە لەسەردەکرێتو , وە ئەانەش دەبن بە خوێندنێك بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کوردی, بۆنموونە ( ستروکتوری-فونکتسیۆنالیزم , شیگردنەوەیی سینێرجێتیك , کۆنڤێرتاتسیا کە پیتاڵ )

دارشتنی چەند سەرچاوەیەکی ریزبەندی مێژووی باوەرپێکراو , کە پەیوەست بێت لەسەر بارستایی ئیشەکە کە بتوانێت ئامارەکا بسەلمێنێت یان ریزبەندیەکی گشتی چەند کاتێکی جیاواز کە پرۆسەی بنیات دانی ناسنامەیی نەتەوەی کوردی لە عێراق پشان بدات .

وە لەسەر ئەو ئە نجامانەی کە بە دەست مان دێت , وە بە تایبەتی بە وێژەکردنی ناسنامەیی نەتەوەیی لە چەند ماوەیەکی مێژوویی لە خۆ دەگرێت وەکو ( نەریتی , مۆدرن , پۆست-مۆدرنی کۆمەڵگا )

**دیاریی کردنی ئەو ڕێگایانەی گەشەسەندن وە بە تایبەتی بەوێژەکردنی بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی لە چوارچێوەیی کۆمەڵگەیەکی نوێی کوردستانی عێراقدا .**

**نووسەر بۆ بەدەست هێنیانی ئاما نجێکی زۆرتر پێویستی بە بەکارهێنانی چەند مێتەدێکین :**

**مێتۆدە مێژوویەکان - یارمەتیمان دەدات بۆ ناساندنی ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی بۆ زیاتر لێکۆلینەوەیی کێشەکانی .**

**مێتۆدی ستاتیستیکی – یارمەتی نوسەر دەدات , بۆ زیاتر وردبوونەوەیی لە پڕۆسەی بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی کوردی**

**مێتۆدە ڕەسمیەکان : نووسەر ڕوونیدەکاتەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراقدا دەتوانین بەشێوەیەکی ڕوون بە ڕێگایی ( مۆدێلی سایکلی ژیان ) بۆ ناوداره سیاسیەکان .**

**مێتۆدی سترەکچەرەکان : ئەم مێتۆدە هەڵدەستێت بە لێکۆلینەوەیی دیاردەیی بنیاتنانی نەتەوەیی سیاسی , وەکو ئینستیتوتێك , بۆ لێکۆلینەوە بەشێوەیەکی گشتی وە ئاکتیڤ لەسەر پڕۆسەیی مێژووی پرسی کوردی . کەگۆرانکاریەك دەبینین لە ناسنامەیی نەتەوەیی وەکو ئینستێتوتێك .**

**مێتۆدە سۆتسۆلۆژییەکان : نووسەر تیشك دەخاتە سەر ئە فاکتەرانەو ئەو توێژینەوە کۆمەڵگایەکان وەکو ( ئابووری , سترەکچەری کۆمەڵگایەتی , ئایدۆلۆژیا کولتوور , ئاین .... هـ.ت.د. ) مێتەدە سۆتسیۆلۆژیەکان ڕێگە بە شیکردنەوەیی سیاسەت دەدات وەکو بوارێك کە ئاما نجێکی جیاوازی گروپە کۆمەلگایەکانی تێدایە , وە بە بەکارهێنانی مێتۆدی ڕا پرسی کردن لە قوتابیان کە ئاستی ناسنامەیی نەتەوەیی مان لە نێوان قۆتابییاندا بۆ دەردەکەوێت .**

**بۆ زیاتر بەدەست هێنانی ئاما نجەکان لە م کارەدە نووسەر بەکاری دەهێنێت ئەم سەرچاوانەیی خوارەوە :**

ئەم سەرچاوانەیی کە نوسەر بەکاریی دەهێنێت لە نامەیلکەی ماجستێرەکەدا کاریگەریەکی هەیە بۆ سەر

ناسنامەیی نەتەوەیی کوردی وەکو [6,10,12,13,15,28,29,38,57,73,91]

ئەم کتێبانە کە نووسەر بەکاریی هێناوە کە لە بواری هزری سیاسی و وە پڕۆسەیی سۆسیۆلۆژیی ئەتوانین سودیان لێوەربگیرێت لە پڕۆسە مێژویە کە بەسەر کێشەیی کوردو بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی کورد لە عێراق دا هاتوە وەکو ئەم کتێبانە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا پۆلێن کراون

[3,7,11,18,19,21,24,25,27,31,50,52,59,60,62,63,66,67,68,75,77,78,79,82,81]

ژێدەر : سەرچاوە ئینسیکلۆپیدیاکان بۆ زیاتر رگەیشن بە ئامانج لە نامەیی ماستەرەکەدا [53]

**سەرچاوەیی مێژوویی** : کە پشت بەست بە داتا ستاتیستیکیەکان بۆ زیاتر دەولەمەندکردنی کارەکە پشت بەم سەرچاوەوەیەوە بەستراوە [60]

بیرەوەریەکان : ئەتوانین لەرێی ئەم سەرچاوانەوە چەن بیرو بۆچونییچکی فەلسەنی ببینین [96,23]

سەرچاوەیی ئەرشیف : کە بۆ سەلرچاوە ئاماریەکان سودی لێوەرگیراوە [103,101,100,98,99]

دەستپێشخەریە تازەکان : ئەم نامەی ماستەرە نووسەر لێکۆلینەوە لەسەر ئەم کێشانی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات و وە دەستپێش خەری بۆ دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کەوا ناسنامە ڕەفتارێکە کە کۆمەلگەیی پێبینا دەکرێت پێکدێت لەئە نجامی تێکەلبوونی خەلکیو وە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان.

تاییەتمەندی ئەو ژێربێژیانە کە ڕێگە بە لێکۆلینەوەکە دەدات مەبەستێك بە ناسنامەی نەتەوەیی دەبەخشێت وەکو دیاردەیەکی کۆمەلگەیی وەچوارچێوەیەك بۆ لێکۆلینەوەکەدادەنێت لەمێتۆدۆلۆژیایی پڕۆسەی کۆمەلگەیی

**کولتووریدا . وەبۆ ناساندنی کێشەکانی ناسنامەیی نەتەوەیی لە چەند کاتیگۆرێکدا خۆیی دەبینێت وەکو ( ئاین ,زمان , فەلسەفەیی ئەخلاقیەت و کولتوور) .**

**چەند بیروبۆچونێکی تازە لە بنیاتدانی ناسنامەیی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیی کوردستانی عێراقدا کە تایبە تمەندیەك لەسەر پرانسیپەکانی ناتسیۆنالیزم و فکرەیی سەروەریی نیشتمانی وە دیاسپۆر وە ئەمەش هیوایەك دەبێت بۆ بنیاتدانی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ .**

**نووسەر جەخت دەکات لەسەر گەشە پێدانی ئینستیتوتێکی ناسنامەیی چالاك کە کاریگەری دەبێت لەسەر بنیاتدانی نەتەوەیی سیاسی کوردی لە عێراقدا .**

**نوسەر پێش بینی دەکات بە شێوەیەکی ئاکتیڤ ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە داهاتوودا لە ڕێگەیی تیۆریی کۆنڤێرژنی کە پیتاڵەوە وە بە شێوەیەکەی ئاکتیڤ ئەم تیۆرە کاردەکات لە مەیدانی سیاسیدا .**

**پراکتیك و ئە نجامەکان : ناوەڕۆکی ئەم لێکۆلینەوەیە ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە کۆرسی دەرس وتنەوە لە بوارەکانی سۆسیۆلۆژیداو , مێژوو , سیاسەتی سۆتسیۆلۆژی وە کێشەی ناسنامەیی نەتەوەیی , ململانێکانو , بنیاتنانی نەتەوەیی سیاسی .**

**پەسەندکردنی کارەکە : ناوەڕۆکی پێشەکیی و پوختەی هەموو کارەکەو پڕۆژەیی لێکۆلینەوەکە پێشکەش بە بەشی زانستەرامیاریەکا کراوەو لە زانکۆیی دانێسکی نیشتمانی , وەهەروەها لەسایتی پیوکویی میدیا دا بەزمانی ڕووسی ناوەڕۆکی ئەم پڕۆژەیی لێکۆڵینەوەکە بلاوکراوەتەوە:**

http://www.pukmedia.com/EN/RU_Direje.aspx?Jimare=16152

**پێکهاتەیی کارەکە : بڕیی پڕۆژەیی لێکۆلینەوەکە بریتیە لە سەدوو شەستو شەش لا پەڕە , وە ناوەڕۆکەکەشی پێشەکیو سێ بەش و کۆتایەك لەخۆدەگرێت وە ڕێژەیی ئەوسەرچاوانەیی کە بەکارهاتوە لە کارەکەدا سەدو چوار سەرچاوەن , وە چوارلا پەڕەش ئە پلیکەیشنە .**